یاسای باری کەسی دەنگی زەرینەی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا

سەرۆکایەتی ڕەگریبەکان ئەمڕۆ سەشەممە جارێکی تر دەنگدان لەسەر هەمواری یاسای باری کەسێتی خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراقەوە و دەنگی زەرینەی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا.

ئەمڕۆ سەشەممە 21ـی کانوونی دووەمی 2025، جارێکی تر دەنگدان لەسەر هەمواری یاسای باری کەسێتی خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراقەوە، بە وتەی پەرلەمانتارێک، چەند گۆڕانکارییەک لە هەموارەکە کراوە.

ئومێد محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، پێشتر لە لەدوانێکی لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەی بە نەوژینی ڕایگەیاندبووە: چەند گۆڕانکارییەک لە بڕگەکانی هەموارەکە کراوە، بەشێوەیەک تەمەنی هاوسەرگیری بە کچان لە 9 ساڵی یان 12 ساڵیەوە بە 15 ساڵ بەرزکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا مەرج بە هاوسەرگیرییەکە دانراوە، کە دەبێت بەخۆکەری کچەکە ڕازامەند بێت.

ئەمەش دوای ئەوە دێت کە پێشتر پەرلەمانتارە شیعەکان ویستویانە ئەم یاسایە هەموار بکرێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ڕەگەز بە مارەکردنی کچ دەدات لە تەمەنی 9 ساڵیەوە، بەڵام بەهۆی ناڕازایەتی دەربڕینی زۆر لەلایەن کەمەگەلی عێراقی، هەمواری ئەم یاسایە دواخرابوو، دواجار ئەمڕۆ سەشەممە بە زەرینەی دەنگی پەرلەمانتاران یاساکە هەموارکرا.